

# شاندەکانی مردن!

شێرکۆ بێکەس

(1)

لەو شەوەوە، شمشێرە تازەکەی (حەجاج) هاتۆتە
ناو شیعرتەوە. زمان بەردەوام لە پرسەی دەستەواژەو
وشەو حەرفیا رەشپۆشێکەو دانیشتووە. لە دەفتەرتا
دۆزەخێ نێڵە نێڵێتی، لە دەفتەرتاو لە سەری
هەموو دێرێکدا کێلی گۆڕێك ئەبینرێتو لە دوای تەواو
بوونی ڕستەیش، لە جێی نوختە کاسەیەك خوێن
دانراوەو چاوەڕوانتە، لەو شەوەوە بە کۆمەڵ یاخود
بە تاك تاك، وشەگەلت دیار نامێنن، پەرتەوازە،
لە سیلەی هەر مانایەکدا، لەسەر شەقامی هەر فۆرمێ،
لە گۆشەی هەر نیگایەکدا، لەبەر دەرگای هەر خەمێکدا،
بە کۆمەڵ یاخود بە تاك تاك، سەر ئەبڕرێن. دیار نامێنن.
وشەی (خۆر)و وشەی (باران) هەر زوو کوژران.
وشەی (پەنجەرە) کوێر کرا. وشەی (شەقام) لە ناو
وشەی (خەڵووز)دا هەڵقرچا. (بازار) لە
دووکەڵدا خنکا. فاریزەکان ملیان پەڕیو نیشانەی
پرسیار خاکەسار. لەو شەوەوە، شمشێرە تازەکەی
حەجاج. هاتۆتە ناو زمانتەوە. (ڕێزمان) هەمووی
خوێناوییو تەنها نیشانەی سەرسوڕمان، وەکوو وشەکانی
(ڕق)و (دەمامك)و (گوللە)و (تەقینەوە)

لە مەملەکەتی مەرگدا ماونەتەوە!.
لەو شەوەوە، شمشێرە تازەکەی حەجاج، هاتۆتە ناو
شیعرتەوە، (مووتەنەبی) بێ سەرو مل بەسەر شەقامەکەی
خۆیدا ئەرواو، (سەیاب) دار شەقێکی پێیەو (بێکەس)
بە دیار خۆڵەمێشی شیعرو مۆسیقاوە راوەستاوە!.
لەو شەوەوە شمشێرە تازەکەی حەجاج هاتۆتە
ناو جیهانەوە، ئەو لە کوێ بێ، ئەوەی زیندووبێ
مردنەو، ئەوەی مردووبێ ژیانە!.

(2)

هاواری کرا
-ئەڵلاهو ئەکبەر-
ژنێك خۆیو کولێرەکانی باوەشیو
خەونی سەریو گریانێکی پرچ درێژو
سێ پەتاتەو دەسکێ سەوزەو دوو سێ
هێلکەو چوارپێنج خۆزگەو موستیلەیەکی
تەنەکەو، دوو سێ یادگاری شینو،
جزدانێكو شەش دینارو، جووتێ نەعلو
زەمیلەکەی، هەر هەموویان بە یەکەوە،
گەرانەوە بۆ لای خودا!.
(ئەڵلاهو ئەکبەر)

پیاوێك خۆیو دوو سێ گیرفانی بەتاڵو
کاڵەکێكو سەعاتێکی کۆنی دەستیو
لەگەڵ کۆمەڵێ خەیاڵی تەپو تۆزاوی
وەك: کرێی ژوورو، قەرزی دوکانی
کۆڵانو، رەچەتەیەکی دوکتۆرو،
چاویلکەیەکی شکاوو، رۆژنامەیەکی باخەڵیو
هەورێکی سەوزی ناو دڵیو دوو گۆرانیی
عەلی مەردان، هەر هەموویان بەیەکەوە
گەرانەوە بۆ لای خودا!.
(ئەڵلاهو ئەکبەر)

خوێندکارێ خۆیو جانتاکەی، لەگەڵ
سەری (ماجەلان)و دەستو قاچی ((گاریباڵدی)و
سمێڵەکەی (داروین)و تاقە سێوەکەی (نیوتن)و
قژی بژی (ئەنیشتاین). هەر هەموویان
بەیەکەوە گەرانەوە بۆ لای خودا!
(ئەڵلاهو ئەکبەر)

ئەمجارەیان، ماڵەکەی خۆی، منارەی خوایش
کتێبی خوایش، هەر نەوەدو نۆ ناوەکەی،

تەقینەوەو هەموو چوونەوە بۆ لای خۆی.
تەقینەوەو بەڵام خودایش دەنگی نەکرد.
من گلەیی لە خوای گەورە هەرگیز ناکەم
کە ئەو بۆ ماڵو منارەو پێغەمبەرو کتێبی خۆی
هیچ دەنگ نەکا!. من گلەیی چی لێ بکەم؟!.

(3)

لەسەر قەراغی جادەکە
مێردمنداڵەکە کەوتبوو
لەو دەفتەرەی
کە پێش دوو خولەك کڕیبووی
پەنجەی خوێنی سەرو ملی
بە باریکیو بە هێواشی
دا ئەچۆڕاو
وێنەیەکی زۆر تازەیان تیا ئەکێشا
هەر ئەو ساتەیش
(با)یەك هاتو لاپەڕەکەی لێکردەوەو
بردی نیشانی خوای بدا!

(4)

کراسی سپی بووکەکە
لە هەورێکی بێگەرد ئەچوو.
دوای ناڵەیەك
هەور پڕاو
خوێنێکی سریالی هاتو
لەسەر کراسی ئاودامان
هەر بە دەستی پەریوی بووك
وێنەی ئاوابوونی (مانگ)و
بەهاری تیرۆرکراوی
لەسەر کێشا!.

(5)

بۆ ڕۆحی سپی کاکە مستەفا گەرمیانی هاوڕێو دۆستو خۆشەویستی هەمووان. هاوسەری خاتوو مەهاباد قەرەداغی شاعیر، کە لە تەقینەوەیەکی گەورەی ناو شاری کەرکووکدا بووە قوربانیی.

ئاوێتەیەك بوو لە پیاوو
لە پەپوولە.
تێکەڵەیەك بوو لە بەفرو
زەردەخەنە.
ئەو شیعرێکی زۆر کەم دوو بوو
وەکوو شنە.
بێدەنگیەکەی لە بێدەنگیی

مانگە شەوو
جوڵانەوەی
لە لەرینەوەی پەلکەگیاو
هاتوچۆیشی لە هاتوچۆی
وردە شەپۆلی جۆگەلەو
تەماشایشی
لە تەماشای کانیی ئەچوو.
ئاوازێك بوو نزم وەکوو
گمەی کۆتر.
قسەی وردی
ئەتوت جێ پێی چۆلەکەیە
لە سەر بەفر.
ئەو منداڵێك لە ڕۆحیا بوو
وەکووو نمە لە ناو هەورا.
بە بەیانیان بۆنی لێمۆی
(دوزخورماتوو)ی لێئەهاتو
بە ئێواران
ئەبوو بە زەردەی گەرمییان.
لە کوێ بوایە وەکوو کتێب
وڵات لە بن هەنگڵیابوو.
لە (جونەیف) بوو، بەڵام کە دیم
(دیار بەکر) لەگەڵیا بوو.
کە لە سوید چوومە ماڵی
کەرکوك لە پاڵیا وەستابوو.
ئەو پیاوێ بوو لە گۆمیلکەی
مانگ تیا نوستوو.
ئەو پرپر بوو لە وەنەوشە.
من ئێستەو ئەوسایش نەمزانی
بەفر ئەمە یان ئەم بەفرە؟!
بەڵام ئەوەی کە من زانیم
دڵنیابووم وەك سیمای خۆم
لەبەر نەینووك
چۆن ئەیبینم
ئاوایش زانیم کەرکووك ئەمەو
ئەمیش کەرکووك!.

(6)

بە پەلە پەل
وەکوو شیعرێکی قەدەغە
یان ئاوازێکی ڕاونراو.
سواری پۆڵۆنیەك ئەبێت.
پۆڵۆنیەکە لە ڕووکاری دەرەوەیدا

له دروشمێکی زۆر کۆنی
سیاسەت‌و، ناوەوەیش
له پێڵاوێکی تەنگ ئەچێت.
ئەم له دواوه
وەك خۆی وەڕس
لەسەر کورسیەکی وەڕس دائەنیشێ.
پۆلۆنی سیخناخه له خەم.
له ژن‌و پیاوی تێك قوپاو.
له چاوەڕوانیه سیسەکان.
له برسێتیه بێدەنگەکان.
ئەم له دواوه
لەسەر کورسیەکی هیلاك دائەنیشێ.
سوراحیەك له باوەشیا.
چاوی بریوەته دەرێ.
پۆلۆنێکە پێچکەیەکی ئەشەلێت‌و
کەوتۆته رێ.
له پێچێکدا
دەسرێژێك دێته ژوورەوە
پۆلۆنیەکه ئەکوژرێت‌و
چاوەڕوانی‌و برسێتیەکان ئەکوژرێن‌و
شتومەك‌و زەمیلەکان ئەکوژرێن‌و
ئەم له جێی خۆی دانیشتووه
پارچەیەك شووشه له دڵیاو
سوراحیەکەی ناو کۆشیشی
وا خەریکه ورده ورده
پڕ بێ له خوێن!.

سلەیمانی
کۆتایی 2007